کۆمسیۆن سەشەممەی داهاتوی وەك وادە بۆ تۆمارکردنی هاوپەیمانی و لایەنە سیاسییەکان دیاری دەکات

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕۆژی سەشەممەی داهاتوی وەك وادە بۆ تۆمارکردنی هاوپەیمانی و لایەنە سیاسییەکانی خوازیاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی یاسادانانی داهاتو دیاریکرد.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڵاویکردۆتەوە، لە 15ی (نیسان/4) ناو تۆمارکردن بۆ هاوپەیمانی و حزب و لیستە تاکەکەسییەکان دەکرێتەوە کە ئارەزوی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی یاسادانانی داهاتودا هەیە".

ڕۆژی چوارشەممەی رابردو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەنگیدا بە دیاریکردنی ڕۆژی 11ی (تشرینی دووەم/11)ی 2025، وەك وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.